# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٤٥)سالی نۆزدەم ٢٤/کانوونی یەکەم/٢٠١٩/زایینی ٣/بەفرانبار/ ٢٧١٩ /کوردی ٢٧/رەبیعی دووەم/ ١٤٤١ کۆچی

245

لەم ژمارەیەدا :

**یاسای ژمارە(٣)ی سالی ٢٠١٩** ١ل

یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنوری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەرکراوە لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**بڕیاری ژمارە (٣٨)ی سالی ٢٠١٩ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ٥ل

تایبەت بە ڕێکخستن و یەکخستنەوە و گەڕاندنەوەی سەرجەم داهاتەکان

**بڕیاری سالی ٢٠١٩ ئەنجومەنی دادوەری** ٨ل

**بەیانی ژمارە(٥)ی سالی ٢٠١٩ وەزارەتی داد** ٨ل

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد.

☎:(٢٢٤٥٠٠٨-٢٢٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٤٥) السنة التاسع عشر ٢٤/ كانون الأول/ ٢٠١٩ ميلادي ٣/ بەفرانبار/ ٢٧١٩/كوردي ٢٧/ ربيع الثاني /١٤٤١ هجري

**245**

## في هذا العدد:

**القانون رقم (٣) لسنة ٢٠١٩** ص ٩

قانون تمليك الأراضي المتجاوز عليها ضمن حدود البلديات في إقليم كوردستان ـ العراق

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**قرار رقم (٣٨) لسنة ٢٠١٩ رئاسة مجلس وزراء** ص ٥

**قرار لسنة ٢٠١٩ مجلس القضاء** ص ٨

**بيان رقم (٥) لسنة ٢٠١٩ وزارة العدل** ص ٨

No. 245 Date : December , 24 , 2019 Vol.: 19

چاپخانەی شەهاب هەولێر

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎: (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو، و دوابەدوای گەڕاندنەوەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩ ، یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنوری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەرکراوە لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە بڕیارمان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩ و چاوپێخشاندنەوەی لە لایەن پەرلەمانی کوردستان و پەسەندکردنی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨) لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ و ناردنەوەی بۆمان ، بڕیارمان دا بە دەرکردنی :

**یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩**
**یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنوری شارەوانییەکان**
**زێدەڕۆییان لەسەرکراوە لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** زێدەڕۆکار، بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە، ئەو کەسەیە کە بە کردارەکی (فعلي) نیشتەجێی ئەو خانووەیە کە بە زێدەڕۆیی دروستکراوە، یان میراتگرە شەرعییەکانی، یان ئەوانەی بە حوکمی یاسا بۆ بەخێوکردنیان ڕاسپێردراوە و لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە خانووەکەدا نیشتەجێن.

**دووەم:** شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەوکەسەی پێش رێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٣ خانووی نیشتەجێبوونی بە زێدەڕۆیی دروستکردووە، بکەنە خاوەنی ئەو زەویەی خانووەکەی لەسەرە و موڵکی دەوڵەت یان هەر دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی یان شارەوانیە، جا چ موڵکی تەواو بێت یان مافی ڕەفتارکردنی لەسەر بێت، و بکەوێتە ناو سنوری شارەوانییەکان و لەناوچەکانی نیشتەجێبوون بێت بەپێی مەرج و حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی (٢): مەرجەکانی بەخاوەنکردن:**

**یەکەم:** خانووە زێدەڕۆییەکە بکەوێتە سنوری شارەوانییەکان، و لەو ناوچانەدابێت کە بەپێی ماستەرپلان و نەخشەی وردەکاری شارەوانییەکان بۆ نیشتەجێبوون تەرخانکراون.

**دووەم:** ئەو خانووەی لەسەر زەویەکە درووستکراوە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکاربهێنرێت.

**سێیەم:** ئەو کەسەی بە کردارەکی نیشتەجێی ئەو خانووەیە کە بە زێدەڕۆیی دروستکراوە، یان میراتگرە شەرعییەکانی، یان ئەوانەی بەحوکمی یاسا بە بەخێوکردنیان ڕاسپێردراوە، داوایەکی نووسراو پێشکەش بکەن.

**چوارەم:** داواکاریەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە ماوەیەك کە لە (١٢٠) سەد و بیست ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەڕنەکات، ئاڕاستەی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی دەکرێت، بەجۆرێك سەرجەم زانیاری و بەڵگەنامەی پێویست بۆ بەدەستهێنانی بە خاوەنکردن لەخۆبگرێت.

**پێنجەم:** نابێت کەسی داواکار بکرێتە خاوەنی زیاتر لەیەك پارچە زەوی.

**شەشەم:** مەرجە رووبەری زەوی بەخاوەنکراو زیاتر نەبێت لە (٢٠٠)م٢ دووسەد مەتر دووجا لە ناوەندی پارێزگا و (٢٥٠)م٢ دووسەد و پەنجا مەتر دووجا لە ناوەندی قەزا و (٣٠٠)م٢ سێ سەد مەتر دووجا لە ناوەندی ناحییە.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی پارێزگار یان سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، و ئەندامێتی لایەنە پەیوەندارەکان لە وەزارەتەکانی (شارەوانی و گەشت وگوزار، دارایی و ئابووری، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، داد) پێکدەهێنرێت، بەمەبەستی تاوتوێ کردنی داواکارییەکان و دڵنیابوون لە هاتنەدی مەرجەکانی پێویست بۆ بەخاوەنکردن، و لیژنە بۆی هەیە لیژنەیەکی لاوەکی لە شارەوانییە پەیوەندارەکان پێکبهێنێت بۆ ئەنجام دانی رێکارە تەکنیکییە پێویستەکان.

**دووەم:** بەهای ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە بە خانووی نیشتەجێبوون، نرخەکانیان بەم شێوەیە دەخەمڵێنرێت:

١ـ بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند نەبوون لە دەوڵەت بە نرخی:

أـ بۆ یەك مەتری دووجا لە ناوەندی پارێزگاکان ( ١٥٠٠٠ ـ ٣٠٠٠٠ ) پازدە هەزار بۆ سی هەزار دینار.

ب ـ بۆ یەك مەتری دووجا لە ناوەندی قەزاکان ( ١٠٠٠٠ ـ ١٥٠٠٠ ) دە هەزار بۆپازدە هەزار دینار.

ج ـ بۆ یەك مەتری دووجا لە ناوەندی ناحییەکان (٥٠٠٠ ـ ٨٠٠٠ ) پێنج هەزار بۆ هەشت هەزار دینار.

٢ـ بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند بوون لە دەوڵەت لە لایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی (١٠٠٪)ی بەهای ڕاستەقینەی زەوییەکە، دەخەمڵێنرێت.

٣ـ حوکمە داراییەکانی ئەم یاسایە کەسوکاری پلە یەکی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەم ئەندامانی سەنگەر ناگرێتەوە.

**سێیەم:** لە حاڵەتی ڕوودانی زێدەرۆیی بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان لە سەر ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن و مافی ڕەفتارکردنی کەسانی دیکەیان لەسەرە ، یان موڵکی تەواون ، ئەو زەوییانە موڵکایەتیان هەڵدەوەشێتەوە (حل) ، و بەپێی یاسای (بە خاوەنکردنی زەوییە میرییەکانی ناو سنوری شارەوانییەکانی ژمارە (٨٠)ی ساڵی ١٩٧٠ی بەرکار لە هەرێم بەناوی شارەوانییەکان تۆمار دەکرێت ، بەڵام لە حاڵەتی ڕوودانی زێدەڕۆیی لەسەر بەشێکی ئەو زەوییانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە ، ئەوا ئەو بەشەی بە بیناکردن زێدەڕۆیی لەسەر کراوە ئیفراز دەکرێت بە مەبەستی بەخاوەنکردنی بۆ کەسانی زێدەڕۆکار ، لە دوای تۆمارکردنی ئەم بەشە بەناوی شارەوانی پەیوەندیدار بەپێی ئەو یاسایە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە .

**چوارەم:** شارەوانی بۆی هەیە داواکاری بە خاوەنکردن ڕەتبکاتەوە ئەگەر شوێنی خانووەکە سەرپێچی بێت بۆ ماستەرپلان یان نەخشەی کەرتی و ووردەکارییەکان، و زێدەڕۆییەکە لە سەر تێچووی زێدەڕۆکار لادەبرێت، و مافی هەیە ڕەفتار بە پاشماوەکان بکات، و شارەوانی لە شوێنێکی نیشتەجێ بە پارچە زەویەك رووبەری لە (٢٠٠م)٢ دووسەد مەتر دووجا زیاتر نەبێت، بە بێ بەرامبەر قەرەبووی زێدەڕۆ دەکاتەوە، و ئەگەر زێدەڕۆکار پێشتر سوودمەند بووبێت ئەوا بەنرخەکانی دیاریکراو لە ماددەی (٣) برگەی (دووەم) خاڵی (٢)ی ئەم یاسایە نرخەکەی بۆ دەخەملێنرێت.

**ماددەی (٤):**

ئەگەر کەسی زێدەڕۆکار، پابەند نەبێت بە پێدانی نرخی دیاریکراو یان خەملێنراوی هاتوو لە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٣) ی ئەم یاسایە ، یان مەرجەکانی هاتوو لە ماددەی (٢) ی ئەم یاسایە نەیگرێتەوە ، ئەوا مافی بەخاوەنکردنی نامینێت و خانووەکە بەزەوی و خانووەوە بەناوی شارەوانی پەیوەندیدار تۆمار دەکرێت ، و بەپێی یاسای ( فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکەکانی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦)ی بەرکار لە هەرێم دەفرۆشرێت ، لە بەرامبەر فرۆشتنەکەی بەهای دروست کراوەکان بە شێوەی شایستە بوونی بە تێکدراوی (مستحقة القلع) دەدرێت بە خاوەنەکەی.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** رووبەرە زێدەکان لە رووبەری ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (شەشەم) لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە ، بەنرخی راستەقینەی باو دەخەملێنرێت ، بەو مەرجەی رووبەری زەوییەکە لە هەموو حاڵەتێکدا لە پارێزگاکان لە (٣٠٠)م٢ سێ سەد مەتر دووجا و لە قەزاکان لە (٤٠٠)م٢ چوار سەد مەتر دووجا و لە ناحییەکان لە (٥٠٠)م٢ پێنج سەد مەتر دووجا تێپەڕنەکات.

**دووەم:** ئەو کەسەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بە کەسی سوودمەند لە دەوڵەت هەژمار دەکرێت ئەگەر ڕووبەری زێدەرۆیەکە زیاتر بوو لە کەمترین رووبەری دیاریکراو لە بڕگەی (شەشەم) لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە.

**ماددەی (٦):**

وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار ، بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و نەخشە و دیزایینی ئامادەکراویان نییە ، لە ماوەیەك کە لە ساڵێك لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەرنەکات ، نەخشە و دیزاین و پێداویستی تەکنیکی ئامادە دەکات.

**ماددەی (٧):**

داهاتە بەدەستهاتووەکان بەپێی ئەم یاسایە ، بەم شێوەیە تەرخان دەکرێت:

**یەکەم:** رێژەی ( ٣٠ ٪)ی بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار بۆ پێویستیەکانی نەخشە و دیزایینی ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**دووەم:** (٧٠ ٪)ی داهـاتی بەدەسـتهاتوو دەگەڕێنـدرێتەوە بـۆ خەزێـنەی گشـتی هەرێـم بە مەبەسـتی ئاراستەکردنی بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان ، بـۆ ئەو ناوچـانەی کە حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەیانگرێتەوە .

**ماددەی (٨):**

ئەو خانووانەی کە لەسەردەمی ڕژێمە یەك بەدوای یەکەکاندا ڕووخاون، زەوییەکانیـان (جـێ خـانوو) بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەخاوەندەکرێت.

**ماددەی (٩):**

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو زەویانە نـاگرێتەوە کە مـافی خاوەنـدارێتی ، یـان ڕەفتـارکردنی پێکهـاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی لەسـەرە و لەلایەن کەسـانی تـر زێـدەڕۆیی کـراوەتە سـەر ، جـگە لە خۆیـان کەدەتوانن لە حوکمەکانی ئەم یاسایە سودمەندبن.

**ماددەی (١٠):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت ، کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی (١١):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیـدارەکان حکومەکـانی ئەم یاسـایە جێبەجـێ بکەن.

**ماددەی (١٢):**

ئەم یاســایە بــۆ مــاوەی (٣) ســێ ســاڵ لە ڕێکەوتــی بڵاوبــوونەوەی لە ڕۆژنــامەی فەرمــی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**هۆکارەکانی دەرچوواندن**

لە پێنـاو پارێزگـاریکردن لە سـیمای شارسـتانییەکانی شـار و شـارۆچکە و شـارە دێیەکـانی هەرێمـی کوردسـتان ــ عێـراق، و بە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی حاڵەتەکـانی زێـدەڕۆیی و فەراهەمکردنـی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، بە ئاڕاستەی دانانی سـنورێك بـۆ زێـدەڕۆیی و ڕەخسـاندنی زەمیـنەی جێبەجێکردنی ماستەرپلانی شارەکان لەلایەن شارەوانییەکانەوە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بـارزانی**
**سـەرۆکی هـەرێمی کـوردستان**

**هەولێر**
**٢٠١٩/١٢/١٧**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ١١٢٨١ لە ٢٠١٩/١٢/١٩**

**بڕیاری**

**ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠١٩**

پشت بەست بەئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بەمەبەستی ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩) لە ٢٠١٩/٧/٣٠ ، و لەسەر پێشنیاری لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی ئەم سەرۆکایەتییە ژمارە(٧٦٠٣) لە ٢٠١٩/١٠/١٣ تایبەت بە ڕێکخستن و یەکخستنەوە و گەڕاندنەوەی سەرجەم داهاتەکان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری و پێداچوونەوەی تەرخانکراوی خەرجی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و داڕشتنەوەی لەسەر بنەمای پێداویستی و ئەولەویەتەکان، و بەگوێرەی یاسای (قانون أصول المحاسبات العامة) ژمارە(٢٨)ی ساڵی ١٩٤٠ ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(١٥) لە ٢٠١٩/١١/٢٧ ، بڕیاردرا بە:-

**یەکەم:** دەستنیشانکردنی میکانیزمی پیادەکردنی وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ دەسەڵاتی خەرجکردن لەسەر ئەو ڕێژەیەی کە بۆیان دیاریکراوە لە داهاتی ناوخۆییان بەپێی بڕگەی(سێیەم)ی ئەم بڕیارە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

١- شیکردنەوەی ڕەسیدی ئەژمارەکان(رصيد الحسابات) لە بانکە حکومی و ئەهلییەکان کە بۆ مەبەستی ڕێژەی ئاماژەپێدراوی ئەو داهاتانە کراونەتەوە وەك لە بڕگەی (سێیەم)ی ئەم بڕیارە هاتووە.

٢- گواستنەوەی ڕەسیدی ئەو حسابانەی بڕگەی(١)ی سەرەوە بۆ سەر ئەژمێری وەزارەتی دارایی و ئابووری کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری دیاریدەکرێت و تۆمارکردن و ئاماژەپێکردنی لە تەرازووی پێداچوونەوە لە ٢٠١٩/١٢/١ ەوە .

٣- دیاریکردنی ئەژمێری(حیسابی) ئەو داهاتانە بە شێوەی مانگانە چەندی بە چەك وەرگیراوە چەندی بە نەختینە وەردەگیرێت ، و ئاماژەی پێ بدرێت لە تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانەدا .

٤- دیاریکردنی جۆری خەرجیەکانی لەسەر ئەو بڕە داهاتەی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت مانگانە هەیەتی .

٥- تۆمارکردنی ئەو خەرجییانە لە تەرازووی پێدا چوونەوەی مانگانە لەسەر ئاستی فصل و مادەکان .

**دووەم:** بۆ مەبەستەکانی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە ئەم ڕێکارانەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێن:

١- دەبێت تەرازووی پێداچوونەوە(میزان المراجعة) لە هەفتەی یەکەمی سەرەتای هەموو مانگێك بنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری .

٢- مانەوەی ئەژمێرەکانی تایبەت بە ڕێژەی داهاتەکان و شیکردنەوەی ڕەسیدی ئەو ئەژمێرانە لە بانکە حکومییەکان و ناردنی بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری .

٣- جێگیرکردنی لیستی خەرجییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بۆ نەهێشتنی (زیادکردن یان جێگۆرکێ ) لە (تبويب الموازنة)

٤- پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بۆ لیستی سەرجەم ئەو فەرمانبەر و کارمەندانەی کە بە شێوەی گرێبەست لەسەر ئەو داهاتە دامەزراون لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم ، ودامەزراندنی (گرێبەست) و (کاتی) تەنها لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە ، و دەبێت ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگیرێت .

٥- نابێت ڕێژەی دیاریکراوی داهات شوێنگرەوەی پێشینەی مانگانە یاخود پێشینەی بەردەوام بێت .

٦- خەرجکردنی پاداشت و هاوکاری وهاندانی فەرمانبەران لەسەر ڕێژەی داهاتی دیاریکراو لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکانی دارایی کارپێکراو ئەنجام دەدرێت .

٧- سەبارەت بە پارەی پیتاك و قەرز و باربوو و هاوکاری دارایی وەرگیراو لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتان و یارمەتییە خێرخوازییەکانی ناوخۆیی و دەرەکی و هەر جۆرە یارمەتییەکی تر ، پێویستە پەیڕەوی هەردوو ماددەی (٦) و (٢٢) لە یاسای (أصول المحاسبات العامة) ژمارە (٢٨)ی ساڵی ١٩٤٠ی هەمواركراو ، و ماددەی(٣) لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٣ و ڕێنمایی دارایی ژمارە(٢٠) لە ٢٠١٩/٦/٣٠ تایبەت بە وەرگرتن و شێوازی خەرجکردن کە بۆ هەمان مەبەست تەرخانکراوە ، دواتر تۆمارکردنی لە تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانە .

٨- پەیڕەوکردنی ڕێنمایی وەزارەتی پلاندانان تایبەت بە جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٦ بۆ ئەو پرۆژانەی کە ئەنجام دەدرێن لەسەر ڕێژەی ئەو داهاتانەی کە تەرخانکراوە لە دوای ئەنجامدانی گشت ڕێکارەکانی هاتوو لە ڕێنمایی ئاماژەپێکراو .

**سێیەم:** پێدانی دەسەڵاتی خەرجکردن لەسەر ئەو ڕێژانەی کە لە خوارەوە هاتوون دوای جێبەجێکردنی سەرجەم بڕگە و خاڵەکانی سەرەوە لە لایەن وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بەم ڕێژانە دەبێت کە لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە:

| ز | وەزارەت | سەرچاوەی داهات | ڕێژەکان | |
|---|---|---|---|---|
| | | | بۆ خودی وەزارەتەکان | بۆ گەنجینەی گشتی حکومەت |
| ١ | ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | وێستگەی کێش | ٥٠ ٪ پەنجا لە سەد | ٥٠ ٪ پەنجا لەسەد |
| | | تاقیگەی پیشەسازی | ٤٥ ٪ چل و پێنج لە سەد | ٥٥ ٪ پەنجا و پێنج لەسەد |
| ٢ | کارەبا | گشت فەرمانگەکان | ٨ ٪ هەشت لە سەد<br>٢ ٪ دوو لەسەد هاندان | ٩٠ ٪ نەوەد لەسەد |
| ٣ | شارەوانی و گەشتو گوزار | شارەوانییەکان | ١٥ ٪ پانزە لە سەد | ٨٥ ٪ هەشتا و پێنج لەسەد |
| | | ئاو و ئاوەرۆکان | ٢٠ ٪ بیست لە سەد | ٨٠ ٪ هەشتا لەسەد |
| | | فرۆشتنی زەوی روکن و متمیز | ٠ ٪ سفر لە سەد | ١٠٠ ٪ سەد لە سەد |
| ٤ | پلاندانان | کۆنترۆلی جۆری | ٦ ٪ شەش لە سەد | ٩٤ ٪ نەوەد چوار لەسەد |
| ٥ | ئەوقاف و کاروباری ئایینی | فۆرمی حاجییان | ١٥ ٪ پانزە لە سەد | ٨٥ ٪ هەشتا و پێنج لەسەد |
| ٦ | گواستنەوە و گەیاندن | فرۆکەخانەی هەولێر | ٥٠ ٪ پەنجا لەسەد | ٥٠ ٪ پەنجا لەسەد |
| | | فرۆکەخانەی سلێمانی | ٥٠ ٪ پەنجا لەسەد | ٥٠ ٪ پەنجا لەسەد |
| ٧ | خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | دیوانی وەزارەت | ٣٨ ٪ سی و هەشت لەسەد | ٦٢ ٪ شەست و دوو لەسەد |
| | | زانکۆ کۆنەکان | ٧٠ ٪ حەفتا لەسەد | ٣٠ ٪ سی لەسەد |
| | | زانکۆ نوێیەکان | ٨٠ ٪ هەشتا لە سەد | ٢٠ ٪ بیست لەسەد |
| ٨ | بازرگانی و پیشەسازی | تۆماری کۆمپانیاکان | ١٠ ٪ دە لەسەد | ٩٠ ٪ نەود لەسەد |
| ٩ | تەندروستی | گشت فەرمانگەکان | ٣٠ ٪ سی لەسەد | ٧٠ ٪ حەفتا لەسەد |
| ١٠ | داد | تۆماری خانووبەرە | ٥ ٪ پێنج لەسەد | ٩٥ ٪ نەوەد و پێنج لەسەد |
| ١١ | ناوخۆ | ب.گ.هاتووچۆ | ١٧ ٪ حەڤدە لەسەد | ٨٣ ٪ هەشتا و سێ لەسەد |
| | | ڤیزا و نشینگەکان | ٥ ٪ پێنج لەسەد | ٩٥ ٪ نەوەد و پێنج لەسەد |
| | | کۆمپانیا ئەمنییەکان | ١٠ ٪ دە لەسەد | ٩٠ ٪ نەوەد لەسەد |
| ١٢ | پەروەردە | فرۆشگاکان | ١٠٠ ٪ سەد لە سەد | ٠ ٪ سفر لە سەد |
| ١٣ | دارایی و ئابووری | کۆنترۆلی جۆری - پلاندانان | ٦ ٪ شەش لەسەد | ٩٥ ٪ نەوەد و چوار لەسەد |

**چوارەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە دەردەکات .

**پێنجەم:** گشت وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕێکەوتی دەرچوونی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە پێی بڕگەی(چوارەم) ، و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٩٩ لە ٢٠١٩/١٢/٤**

## بڕیار

دوا بە دوای بڕیارەکانی ئەنجومەنی دادوەری بە ژمارە ( ٢٨ لە ٢٠١٣/٥/٧ و ٦٣ لە ٢٠١٥/٨/٤ ) کە دەرچوون دەربارەی پەیکەری ڕێکخستنی سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمی کوردستان وە لە سەر داوای دیوانی چاودێری و دارایی / فەرمانگەی کارگێری و دارایی و یاسایی بە نووسراویان ژمارە (١١٣٢) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠ و لە بەر بەرژەوەندی گشتی ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریاندا بە کۆی دەنگی ئامادەبوون بە :

١- بەشی پەیوەندییەکان لە سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هە ولێر / سلێمانی /دهۆك / ( کەرکوك/گەرمیان ) بگۆردرێت بۆ ( **بەشی پەیوەندییەکان و کاروباری یاسایی** ).

٢- ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**بنگین قاسم محمد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی داد**

## بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩

پاڵپشت بە و دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێی برگەی دووەم لە مادده (٩)ی یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و مادده (٣٦) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ هەموارکراو و ئاماژەی بە ڕاسپاردەی دەستەی ڕاوێژکاری هەمیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (١٠٥١ لە ٢٠١٩/١٠/٣٠ ) و بڕیارماندا بە :-

- ئەنجامدانی (تحرير تمهيدى) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەردوو موڵکی ژمارە (١و٢ کەرتی ٦٣ بیارە) کە گوندی کۆنی بیارەی لە سەر دروست کراوە لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەڵەبجە .

**فەرست احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٥) لسنة ٢٠١٩**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الأولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بعد إعادة القانون رقم (٣) لسنة ٢٠١٩ ، قانون تمليك الأراضي المتجاوز عليها ضمن حدود البلديات في إقليم كوردستان – العراق بقرارنا المرقم (٤) لسنة ٢٠١٩ و إعادة النظر فيه من قبل برلمان كوردستان و مصادقته في جلسته الإعتيادية رقم (٨) بتأريخ ٢٠١٩/١٢/٤ و إعادته إلينا ، قررنا إصدار :

**القانون رقم (٣) لسنة ٢٠١٩**
**قانون تمليك الأراضي المتجاوز عليها ضمن حدود البلديات**
**في إقليم كوردستان ـ العراق**

**المادة (١):**

**أولاً:** المتجاوز لأغراض هذا القانون هو الشخص الذي يسكن فعلياً في الدار المشيدة تجاوزاً ، أو ورثته الشرعيون ، أو الأشخاص المكلف بإعالتهم بحكم القانون وعند تنفيذ هذا القانون يكونون ساكنين في الدار .

**ثانياً:** للبلديات تمليك الشخص الذي شيد داراً سكنية بالتجاوز قبل تأريخ ٢٠١٨/٣/١٣ ، الأرض المشيدة عليها الدار والمملوكة للدولة أو أية مؤسسة للقطاع العام أو البلديات ، ملكاً تاماً أو مثقلاً بحقوق التصرف والواقعة في حدود البلديات ضمن المناطق السكنية بموجب شروط وأحكام هذا القانون .

**المادة (٢):**

**شروط التمليك :**

**أولاً:** وقوع الدار المشيدة تجاوزاً داخل حدود البلديات ضمن المناطق المخصصة للسكن بموجب التصميم الأساسي والتصاميم التفصيلية للبلديات.

**ثانياً:** استعمال الدار المشيدة على الأرض لأغراض السكنى.

**ثالثاً:** تقديم طلب تحريري من قبل الشخص الذي يسكن فعلياً الدار المشيدة تجاوزاً، أو من قبل ورثته الشرعيين، أو من قبل الأشخاص المكلف بإعالتهم بحكم القانون.

**رابعاً:** يوجه الطلب إلى رئيس الوحدة الإدارية بموجب أحكام هذا القانون خلال مدة لا تتجاوز (١٢٠) مائة وعشرين يوماً من تأريخ نفاذ هذا القانون، على أن يتضمن جميع المعلومات والوثائق اللازمة للحصول على التمليك.

**خامساً:** لا يجوز تمليك مقدم الطلب أكثر من قطعة أرض واحدة.

**سادساً:** يشترط أن لا تتجاوز مساحة الأرض المملكة (٢٠٠)م٢ مائتي متر مربع في مركز المحافظة ، و (٢٥٠)م٢ مائتين وخمسين متراً مربعاً في مركز القضاء ، و(٣٠٠)م٢ وثلاثمائة متر مربع في مركز الناحية.

**المادة (٣):**

**أولاً:** تشكل لجنة برئاسة المحافظ أو رئيس الوحدة الإدارية ، وعضوية الجهات المعنية في وزارات (البلديات والسياحة ، المالية والاقتصاد ، الزراعة والموارد المائية ، العدل) ، لغرض دراسة الطلبات والتأكد من تحقق الشروط اللازمة للتمليك ، وللجنة تشكيل لجان فرعية في البلديات المعنية للقيام بالإجراءات الفنية اللازمة.

**ثانياً:** تحدد قيمة الأرض المتجاوز عليها بدار سكنية على الوجه الآتي:

١ـ للأشخاص غير المستفيدين من الدولة بسعر :

أ ـ (١٥٠٠٠ - ٣٠٠٠٠) خمسة عشر ألفاً إلى ثلاثين ألف دينار للمتر المربع الواحد في مراكز المحافظات .

ب ـ ( ١٠٠٠٠ - ١٥٠٠٠ ) عشرة آلاف إلى خمسة عشر ألف دينار للمتر المربع الواحد في مراكز الأقضية .

جـ ـ ( ٥٠٠٠ - ٨٠٠٠ ) خمسة آلاف إلى ثمانية آلاف دينار للمتر المربع الواحد في مراكز النواحي .

٢ـ بالنسبة للأشخاص المستفيدين من الدولة تقدر بسعر (١٠٠%) من القيمة الحقيقية للأرض على أساس الطلب والعرض من قبل اللجنة المختصة.

٣ـ لا تشمل الأحكام المالية لهذا القانون ذوي الشهداء والمؤنفلين من الدرجة الأولى ومعوقي الخندق.

**ثالثاً:** في حالة وقوع التجاوز على الأراضي المملوكة للدولة المثقلة بحق التصرف للغير، أو المملوكة ملكاً صرفاً خلافاً لأحكام القوانين النافذة، يتم حل ملكية هذه الأراضي وتسجل باسم البلديات بموجب (قانون تمليك الأراضي الأميرية الواقعة ضمن حدود البلدية رقم (٨٠) لسنة ١٩٧٠) النافذ في الإقليم، أما في حالة وقوع التجاوز على جزء من هذه الأراضي المشار إليها أعلاه، فيتم إفراز الجزء المتجاوز عليها بالبناء لغرض تمليكه للمتجاوز بعد تسجيل هذا الجزء باسم البلدية المعنية بموجب القانون المشار إليه أعلاه.

**رابعاً:** للبلدية رفض طلب التمليك إذا كان مكان الدار مخالفاً للتصميم الأساسي أو التصاميم الفرعية والتفصيلية، ويزال التجاوز على نفقة المتجاوز الذي يحق له التصرف بالمخلفات، وتقوم البلدية بتعويض المتجاوز بقطعة أرض لا تزيد مساحتها على (٢٠٠)م٢ مائتي متر مربع دون مقابل في منطقة سكنية، وإذا كان المتجاوز مستفيداً من قبل عندئذٍ يقدر له الثمن بالأسعار المحددة في المادة (٣) الفقرة (ثانياً) البند (٢) من هذا القانون.

**المادة (٤):**

إذا لم يلتزم الشخص المتجاوز بدفع الثمن المحدد أو المقدر الوارد في الفقرة (ثانياً) من المادة (٣) من هذا القانون، أو لم تشمله الشروط الواردة في المادة (٢) من هذا القانون ، يسقط حقه في التمليك وتسجل الدار أرضاً وبناءً باسم البلدية المعنية ، وتباع بموجب "قانون بيع وإيجار أموال الدولة رقم (٣٢) لسنة ١٩٨٦" النافذ في الإقليم ، ويسلم لصاحبه قيمة المنشآت مستحقة القلع من بدل البيع.

**المادة (٥):**

**أولاً**: تقدر المساحات الزائدة من المساحة المشار إليها في الفقرة (سادساً) من المادة (٢) من هذا القانون، بالسعر الحقيقي السائد ، على أن لا تتجاوز مساحة الأرض في كل الأحوال (٣٠٠)م٢ ثلاثمائة متر مربع في المحافظات و (٤٠٠)م٢ أربعمائة متر مربع في الأقضية ، و (٥٠٠)م٢ خمسمائة متر مربع في النواحي.

**ثانياً**: يعد الشخص المشمول بأحكام هذا القانون مستفيداً من الدولة إذا كانت المساحة المتجاوز عليها تزيد على الحد الأدنى من المساحة المحددة في الفقرة (سادساً) من المادة (٢) من هذا القانون.

**المادة (٦):**

تقوم وزارة البلديات والسياحة بإعداد الخرائط والتصاميم والمتطلبات الفنية للمناطق المشمولة بأحكام هذا القانون والتي ليست لها خرائط وتصاميم معدة ، خلال مدة لا تتجاوز سنة واحدة من تأريخ نفاذ هذا القانون.

**المادة (٧):**

تخصص الواردات المستحصلة بموجب هذا القانون على الوجه الآتي:

**أولاً**: نسبة (٣٠%) لوزارة البلديات والسياحة لمتطلبات خرائط وتصاميم المناطق المشمولة بأحكام هذا القانون.

**ثانياً**: تودع (٧٠%) من الواردات المستحصلة في الخزينة العامة للإقليم لغرض توجيهها نحو الخدمات العامة للمناطق المشمولة بأحكام هذا القانون.

**المادة (٨):**

تملك أراضي الدور المهدمة في عهود الأنظمة المتعاقبة بموجب أحكام هذا القانون.

**المادة (٩):**

لا تشمل أحكام هذا القانون الأراضي الواقعة عليها حقوق ملكية أو تصرف للمكونات الدينية والقومية وتم التجاوز عليها من قبل أشخاص آخرين فيما عداهم حيث يمكن لهم أن يستفيدوا من أحكام هذا القانون.

**المادة (١٠):**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (١١):**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٢):**

يعمل بهذا القانون لمدة (٣) ثلاث سنوات من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

من أجل الحفاظ على المعالم الحضارية للمدن والقصبات والأرياف في إقليم كوردستان ـ العراق، ولغرض معالجة حالات التجاوز وتوفير الخدمات الأساسية، باتجاه وضع حد للتجاوز وتهيئة الأرضية لتنفيذ التصميم الأساسي للمدن من قبل البلديات، فقد شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠١٩/١٢/١٧**